https://www.doi.org/10.31918/twejer.17mlc.6

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# دیالێکتی مەزهەبی و پەرشبوونی شوناس

به نموونەی شێوەی زازا

سەلام ناوخۆش بەکر
زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی- بەشی ئینگلیزی
Salam.bakir@su.edu.krd

**پوختە:**

پێشـتر هۆکـاری سیاسـی و جـوگرافی کرابـووە هـۆی پـەرتبوونی ناسـنامە، ئـەم توێژینەوەیـە بـاوەڕی وایـە لـەپاڵ ئـەو دوو هۆکـارە دوو هۆکاری تریش هەن لە پەرتبوونی ناسنامەدا.

بۆیـە ئامـانج لـەم توێژینەوەیـەدا تـاوتوێکردنی پرسـی ئـایین جیـایی و مەزهـەب جیاییـە لـە پـەرتبوونی ناسـنامەدا. هـەر یـەک لـە ئایینـە بـە نـاو کوردییـەکان وەک (ئـایینی ئێزیـدی، کـاکەیی، عەلەوی، بەڵام کـاکەیی بە فۆڕمەکانی تـر وەک یارسـان لە ئێـران، قزلبـاش لە تورکیـا لە نێـو هەمـوو نەتەوەکانـدا هەیە)، هەروەهـا مەزهـەبی شـیعە ڕۆڵێکـی مـەزن دەبیـنن لـە هەڵوەشاندنەوەی نەتەوەسازیی کوردی.

مەترسی ئەم پرسە لەوەدایە لە نێو ئەو ئایین و مەزهەبەدا کەسانێک هەن بانگەشەی سەربەخۆبوون لە کورد دەکەن وەک ئاخێوەرانی لەک و لوڕ و زازا و ...هتد.

بێگومان ئایین و مەزهەب لە ئایندەیەکی دووریش ناگۆڕدرێن، بەڵام بڵاوکردنـەوەی بیرۆکـەی دایڤێرسـتی و پێکـەوەژیان هـەروەها لـەخۆ نزیککردنەوەی ناڕازییەکان لەوانەیە هۆکارێک بێ بۆ زیاتر شـەق نـەبردنی کەلێنـەکانی ناسـنامە، چـاوەڕێ دەکـرێ یـەکێک لـە ئەنجامـەکانی ئـەم توێژینەوەیە بێت.

توێژینەوەکـە، جگـە لـە پوختـە و ئارێشـە و ئامـانج و میتۆدۆلـۆجی و ئـەنجامی توێژینـەوە، لـە دوو تـەوەر پێکهـاتووە: تـەوەری یەکـەم (ئـایین جودایی) و تەوەری دووەم (مەزهەب جودایی)، ئەمـانەش دوو هۆکـارن تـا ڕادەیەک هۆکاری جوگرافی و هۆکاری سیاسی قووڵتر دەکەنەوە.

**وشە کلیلییەکان:** زمان، شێوەی ئایینی، زار و بنزاری مەزهەبی

**دیالێکتی مەزهەبی و پەرشبوونی شوناس**

**بە نموونەی شێوەی زازا**

**پێشەکی**

هەر لە سەدەی شازدەهەمەوە، شەرفخانی بدلیسی ئاماژەی بە هۆکاری جوگرافیا و مێنتالی خێل لە دروستبوونی دیالێکتەکانی کوردی کردووە. لە سەدەی نۆزدە و بیستەمەوە لێرە و لەوێ تویژەران باسیان لە فاکتەری سیاسیش کردووە.

**گرنگیی تویژینەوە:** لەم تویژینەوەدا هەوڵ دەدەین ڕۆناهی بخەینە سەر دوو فاکتەری تر، ئەویش فاکتەری ئایین جودایی و مەزهەب جودایین (بە پێی زانیاریی تویژەر قسە لەسەر ئەو دووە نەکراوە لەسەر پەرتبوونی شوناس).

**ئاریشەی تویژینەوە:** ناونیشانی تویژینەوەکە ئاماژە بە هەبوونی ئاریشەیەکی تر لە ناسنامەی کوردی دەکات، لە دەڤەری سوننەنشینی کوردی دوو فاکتەر هەن، ئەمانەش فاکتەری جوگرافیا و سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان و دەسەڵاتی کوردی لە میرنشینەکانی کوردییەوە، کە چی لە دەڤەری شیعەنشینی کوردی کێشەی ئایین و مەزهەب هەیە.

**ئامانجی تویژینەوە:** تویژینەوەکە چەند ئامانجێک لە خۆ دەگرێت، لەوانە: دیارخستنی هەڕەشەی هەردوو فاکتەری ئایین جیاوازی و مەزهەب جیاوازی لە سەر شوناسی کوردی، پیشاندانی هەڕەشەی

مەزهەبی لە سەر پەرتبوون و ونبوون و تواندنەوەی شوناس لە زمانی دی بە تایبەتی زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی، دەسەڵاتی کوردی باشوور دەتوانێ خەمساردیی ئەوانی پێشوو بڕەوێنێتەوە.

**میتۆدۆلۆجیی توێژینەوە:** میتۆدۆلۆجی کوالیتەتیڤ لە توێژینەوەکە پەیڕەو کراوە. ئەم میتۆدەش بۆ شیکردنەوە و شیکاری کار لەسەر داتاکانی ناو کتێبان دەکات، هەروەها سیستەمی هارڤارد بۆ سەرچاوە پەیڕەو کراوە.

توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە لەوانە مەترسی دیالێکتی مەزهەبی لە سەر ئایندەی شوناسی کوردی، دیاردەی ئایین جودایی و مەزهەب جودایی لە دیالێکتەکانی کوردی.

بەشێکی بچووک لە کوردان لەسەر ئایینی جودان، موسڵمان نین. ئەم ئایینانە ئایینی داخراوی ویراسیین، بە تایبەتی یارسان، کاکەیی و ئێزیدی و زەردەشتی. ئەو داخراوی و ویراسییە وەیلێکردوون پەیڕەوی "پەنهانیبوونێک"ی تایبەت بە خۆیان بکەن لە نێو تقووسەکانیان، هەر تەنها خۆیان "بە تایبەتی پیاوانی ئایینی" بیانزانن.

زەردەشتی و یارسان و ئێزیدی سێ ئایینی نیمچە کوردین و خاوەن زمان و ئەدەبی خۆیانن، مرۆڤی موسڵمان، توێژەر نەبی، ئاگایان لێ نییە. ئەو سێ ئایینە زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە و بە دەگمەن لەگەڵ موسڵمانان تێکەڵ دەبن.

## بەشی یەکەم

### ١- هۆکاری پەرتبوونی شوناس

گومانی تیا نییە کە فاکتەری جوگرافیا و فاکتەری داگیرکاران و میرنشینە کوردییەکان هەژموونی خۆیان هەبووە لە دروستکردنی دیالێکت و بنزارەکان هەروەها دروستککردنی دیالێکتی ستاندارد لە میرنشیندا، بۆ نموونە لە میرنشینی ئەردەلاندا دیالێکتی گۆران زمانی ئەدەب و ئیدارەی وڵات بووە، پاش ڕوخاندنی میرنشینەکە، میرنشینی بابان زاری کرمانجی ناوەڕاستی کردە زمانی میرنشین و دروستکردنی سێکوچکەی بابان، هەروەها لە بادینان و باکوور زاری کرمانجی سەروو کرایە زمانی ئەدەب. لە مێژووی کورددا تەنیا چوار ساڵی ئۆتۆنۆمی ١٩٧٠-١٩٧٤ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی زاری ستاندارد لە پەروەردە هەبوو.

### ١-١- دەقە ئایینییە کوردییەکان

### ١-١-١- دەقی ئایینی زەردەشتی

هەندێ نووسەری کورد هەر لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە ویستیان مێژوویێکی تر بۆ دەقی کوردی (نائیسلامی) دروست بکەن. سەعیدی سنەیی (کوردستانی) ساڵی ١٩٣٠ پارچە شیعرێک بەناوی:

**هورمزگان رمان ئەتران کژان**

**وێشان شاردەوە گەورەی گەورەکان**

ئەم دەقە لای جەلیلی عباس بۆتە

**هورمزگان ڕمان ئاتران کوژان**

**ویشان شاردەوە گەورە گاوران** (گۆڤاری زاری کرمانجی، ل١٠)

بـۆ حـوزنی موکریـانی دەنێرێـت، ئەویـش لەگەڵ وتارێـک لە ل١٩ی ژمـارە ٢١ی  گۆڤـاری (زاری کرمـانجی) ١٩٣٠ بـڵاوی دەکـاتەوە. کەمـال فوئـاد لە کتێبی (ئەلبوومی دکتـۆر کەمـال فوئـاد) بـاس لەو دەقە دەکـات و دەڵێـت: "تۆفیـق وەهبـی کاتێـک ئەم تێکسـتە دەخـوێنێتەوە، هەر یەکسـەر نـامەیەک بـۆ سـەیدا حـوزنی موکریـانی دەنووسـێت و ئەم پرسـیارەی ئاراسـتە دەکـات: ئایـا لە نـاو هەگبەی ئەو دەروێشـەدا تەنیـا یەک پـارچە شـیعر هەبـوو؟ ئەگەر ئەم دەقە بە خەتـی پەهلـەوی نووسـراوە: ئایـا کـێ تـوانی دەقەکە بخـوێنێتەوە و بیهێنێـتە سـەر ڕێنووسـی کـوردی؟ حـوزنی موکریانی بێ ئاگایی خۆی دەردەبری و دەڵێت: ئەو ئاگای لە هیچ نییە و سەربردەکەی لە دکتۆر سەعید بیستووە"!

کەمال فوئادیش هەموو شیعرەکەی بە (ناڕاسـت) و ( بێبنـاغە) دانـاوە، چـونکە هـیچ بەڵـگەی مێژوویـی و زمـانەوانی لەبەردەسـت نـیە پاڵپشـتی لێبکات.

جـگە لەو نووســەرە، وەک د. جەمــال نەبەز و د. عیـزەدین مســتەفا ڕەسوڵ (ناوخۆش، ٢٠٠٧، ل١٠-١٩ ئایین و زماننـاسی کوردی)، دەقەکە بە دەقی ساختە دادەنێن. "بەشـێک لە ئەوانەی خەریکی نوسینەوەی مێژووی ئەدەبـی کـوردین سـەرەتایەکی وەهمیـی بـۆ سـەرەتای شـیعری کـوردی ئەگێـرنەوە بـۆ هێرشــی عەرەبـی ئیســلامی بـۆ ســەر کوردســتان و بە هەڵبەستی هورمزگان رمـان، نـاتران کوژان دەس پێ ئەکەن" (نەوشـێروان مستەفا، ٢٠١٢، ل٢٢٧).

بە پێــی بۆچــوونی ئەو نووســەرانەی ئاماژەیــان بـۆ کـرا، لە ڕووی مێژوویــی و گــۆڕانی وشــەدا ئەوە ســاخ دەبێــتەوە، کە ئەو دەقە (دەقــی

هورمزگان...) بنەمایەکی وەهمی و ساختەیی هەیە، ناشێ بە بەرایی دەقی کوردی دابندرێت.

گەر بتەوێ ناسنامەیەک بۆ زمانی کوردی بدۆزیەوە، ڕەنج بە خەسار دەبی، چونکە کەوتنی میدیا ساڵ بە ساڵ بزربوونی زمانیشی لێکەوتەوە. "کورد لە سەردەمی حوکمرانی میدی ۷۰۰-۵۵۰ پ.م یەک زمانی یەکگرتووی هەبوو، دوای ڕوخانی میدیەکان هەتا ساڵی ۱۰۰۰ی میلادی کورد هیچ دەرفەتێکی بۆ نەرەخساوە کە دەسەڵاتی لۆکالی خۆی هەبێت و بەرگری لە زمانەکەی بکات، لێرەوە بە واتای دوای ۱۵۰۰ ساڵ کورد بە چەندین هۆکاری سیاسی و جیوگرافی چەند دایەلێکتێکی لە نێو پەیدا بوو" (حەمە خورشید، ۲۰۱۸، ل۷۰-۷۳).

جگە لەوەی زەردەشتی کورد بە ژمارە زۆر کەمن لە کۆمەڵگای کوردی، زەردەشتی هەر کورد نیین بەڵکو فارس و پاکستانی و ئەفغانی و ...هتدن، کەواتە زەردەشتیەت هێندە شوناس لاواز دەکات، توندتر ناکات.

### ۱-۱-۲- دەقی ئایینی هەورامی (گۆرانی)، یارسانی

لە نێو کورددا بە تایبەتی لە سێگۆشەی جیوگرافی کرماشان- سنە- کەرکوک (دوو بەشی ڕۆژهەڵات و بەشێکی باشوور) جۆرە خەڵکانێک هەن بە دین لە موسڵمانەکان جودان خاوەن ئەدەبێکن بە ناوی ئەدەبی یارسان لە ڕۆژهەڵات، (کاکەیی لە باشوور). "ناکرێ روباعیەکانی بابە تایەر بە سەرەتای ئەدەبی کوردی دابنرێ ...، ل۲۳۰ هەندێ ئەوانەی لە مێژووی ئەدەبی کوردی ئەکۆڵنەوە پێیان وایە کۆنترین تێکستی ئەدەبی کوردی بە لەهجەی گۆران نوسراوە، ئەویش (کەلام) سرودە ئاینیەکانی یارسانە، ئەوە بە سەرەتای دەسپێکردنی کوردی دانێن...، ل۲۳۰ کەچی نەوشێروان، نەک هەر ئەو سرودانە و دەقی چەندەها شاعیری یارسانی

نەک بە کۆنترین ئەدەبی کوردی دەزانێت، بەڵکو کێشی شیعرەکانیش بە کوردی دەزانێت و دەنووسێت:" ئەگەر سرودەکانی یارسان نهێنی بوبن و زارەکـــی بـــوبن و، هـــیچ کتێبێکـــی ئەوان لە مـــزگەوت و دیوەخـــان و کتێبخانەکان دا دەس نەکەوت بێ.... خۆ دەقەکانی بێسارانی و وەلی دێوانە هەن" (نەوشێروان مستەفا، ٢٠١٢، ل٢٢٧-٢٤٤).

حەمەی حەمە بـاقی دەڵێـت "بۆمـان دەرئەکەوێ کە ئەم شـێوە زمـانە (دیـاڵێکتی گـۆران) لە دێرینەیەکـی هەزار سـاڵ زیـاترەوە، جـگە لە زمـانی ئەدەبـی، زمـانی ئـایینیش بـووە، هەروەهـا ئەم زارە سـەدان سـاڵ بەر لە (مەولەوی)ش ئەدەبـی پـێ نووسـراوە ... تـا نزیـک کۆتـایی سـەدەی نۆزدەیەمی زایینی بەردەوام بووە" (فاتح رحیمی، ١٣٨٥، ل٢٣).

یارسانی تەواو ئایینێکی کوردی نییە، فارس و تورکیش لـە سـەر ئـەم ئایینـەن بـە نـاوی تـر و لە لایەکـی تـر گوتـاری یارسـانی گوتـارێکی پـڕ پەنهـانییە و تەنهـا لە نـاوچەیەکی بچـووکی باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەن. یارسـانیش ئـایینێکی داخـراو و ویراسـیە و جێـی هەمـوو کـوردی لـێ نـابێتەوە، جگـە لـەوەی تـوێژەری تـر لەوانـە (دکتـۆر شـمس) گومـان لـە سـەر ئـەو دەقانـە دادەنێـت بـەوەی دروسـتکراوی سـەدەی نۆزدەهەمن، بە بەڵگەی عەلائەدین سجادی ١٩٥٢ و د. خەزنەدار ٢٠٠٥، د. عزەدین لە کتێبـەکانیان، "مێژووی ئەدەبی کوردی، ئاماژەیـان بـەو دەقانـە نـەکردووە. جگـە لـەوەش زمـانی ئـەو دەقـە یارسـانیانە هـەرگیز پشـتگیریی زمانـەوانی بـە دەسـت نـاهێنن، کـە هـی سـەدەی دوو و سـێ هـەتا چـواری کۆچی بن، چونکە لەگەڵ زمـانی سـەدەی هـەژدە و نـۆزدە هـیچ جیاوازیـان نییە. لە کۆتاییدا دەتوانین بێژین: وێرای جیایی یارسان لە زۆربەی کوردی موسڵمان، ئەویش لە دەرەوەی نەتەوەسازی مەعریفی کوردە.

**١-١-٣- جیلوە و مەسحەفارەش و مژدەها ڕۆژ و زمان**

کۆمەڵێک توێژەری کوردی وەک شاکر فەتاح، جەمال نەبەز، ڕەشاد میران، هەژار موکریانی، ... دەڵێن: ئێزیدی دوو کتێبیان هەیە بە ناوی جیلوە و مەسحەفاڕەش. ئێزیدیاتی بەستراوەتەوە بە کەسایەتی (شێخ عودەی کوڕی موسافیر ۱۰۷۳-۱۱٦۲)، کۆنترین کتێبیش کە ناوی ئێزیدیەکانی هێنابی کتێبەکەی (عبدالکریم سەمعانی-۱۱٦۷)یە.

لە لایەکی تر لەو دوو دەقەی جیلوە و مەسحەفاڕەش (کە لای منن) دوو هاڤدژی باوەڕی ئامادەگیان هەیە:" لە جیلوەدا (مەلەک تاوس هەر تەنها فریشتە نیە، بەڵکو خۆی یەکەم مەخلوقە وەک لە دیباجەی جیلوە هاتووە: **<u>اوی ل پێش همو خلق بوە ملک تاوسە</u>**، بەڵام لە مەسحەفاڕەش (مەلەک تاوس) فریشتەیە."!

هەر لە سەر ئەم بنیاتە کۆمەڵێک توێژەری ئێزیدی وەک (عیزەدین باقەسرێ، خدرێ سلێمان، خەلیل جندی) باوەڕیان وایە ئەم دوو دەقە متمانەپێکراو نیین (سەلام ناوخۆش ۲۰۱۰، ل٤٤-٤٦، گۆڤاری لالش، ژ.۳۱).

ئەوەی پەیوەندی بەم بابەتەی مەوە وەیە، زمانە لای ناسیونالیزمی ئێزیدیاتی. ئێزیدی تەنیا کرمانجن شێوەی ئاخاوتنیان وەک بادینی نییە، بەڵام ئەم دوو دەقە بە شێوەی ئاخاوتنی نزیک بەردەش و سۆرانی نووسراون. هیچ ئێزیدیەکیش نە بە زمان نە بە شوێن نە بە دین پەیوەندی بەو شوێنانەوە نییە.

هەرچی کتێبی سێیەمە لە وەرگێڕانی ئەنوەر مائیە بە ناوی (مژدەها ڕۆژ)ە، ئێزیدیەکان باوەڕیان پێ نییە و دەڵێن: "دروستکراوی ئەنوەر مائییە".

تێکستی ئێزیدی کە ناسراون بە (قەول) شیعری میللی زارەکین. لە گۆڤاری لالش دا زۆربەی ئەو قەولانە بەرچاو دەکەون، بۆ نموونە لە ژمارە ٨ی ٢٩ی تەمووزی ١٩٩٧ هاتووە:

**پەدشێ من رب الصمدە**

**رەبێ موسی و عیسی و محمدە**

**هەمووا ژێرا بر سجودە**

**لە قەولێکی تر هاتووە:**

**ڕۆژەکێ ژ رۆژانە**

**نەبی دبێژتە مێرانە**

<u>**علی و عمر و ئەبابەکر و عوسمانە**</u>

**ئیرۆ لمن یا گرانە**

ئەم جۆرە قەولانە پڕن لە ناوی پێغەمبەری ئیسلام و چوار لە خەلیفەکانی، هەروەها شیرەت (ئامۆژگاری) کارێزمەکانی ئێزیدی وەک شێخ ئادی مسافیر و شێخ حەسەن، شێخ فەخری ئادییە، عودەی ئادی کوڕی مسافر لە ١١٦٢ مردووە، هەروەها شێخ حەسەنی داسنی لە ١٢٤٦ مردووە.

دکتۆر یەشاد میران ٢٠٠٠ لە کتێبی ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا دەڵێت: ئێزیدی دینێکی ئەتنۆ ئایینییە. "داخراوی کۆمەڵگەی ئێزیدی ڕۆحی وشەی دینداری لە سەدە کۆنەکان کوشت. ئەم

نهێنیپارێزیەی ئێزیدی لە جیلوە سەرچاوەی گرتووە: "ام کتێبە کە ناوی جیلوەیە و خوێندنی دروست بۆ کسی کە لم ملتە بدرە. ئەم کتێبە کە ناوی جیلوەیە خوێندنەوەی بۆ کەسی بەدەر لەم ملتە دروست نییە".

ئەم ڕەوتە ئایندارییەی کورد جگە لەوەی داخراو بوو، تایبەت بوو تەنیا بە کەسی دایک و باوک ئێزیدی بە واتای تەواو ڕەوتێکی ویراسی بوو، بۆیە هەر لەناو کوردیش داخراو و ویراسی بوون و قەولەکان بە دەگمەن لە مزگەوت و دیوەخان و ... بینراون.

**١-٢- کوردی شیعە**

لێرەدا بە قسەی حسێن محمد حسێن ٢٠١٢ ململانێ لە نێوان دیالێکتی قەبیلەیی عەرەبی کەنداو و دیالێکتی بەحرێنی شارنشینی هەیە. هۆلز باوەڕی وایە دیاردەی کۆچبەرە ئاسییەکان و دایەنەکانیان ڕەوشی شوناسی زەقتر کردووە. هەژموونی شیعەگەریی و ڕێژەی شیعە لە بەحرێن، دیالێکتی بەحرێنی وەک شوناسێکی شیعی ناساندووە.

لە نێو کورددا کەمایەتییەکی شیعە لە زۆر فۆڕمدا هەن. لە دوای کریسچیانیتی و ئێزیدیاتی، کوردی شیعە بەشی سێیەمی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردین، ئەو کوردی شیعەش بە چەند ناو و فۆڕمێک لە کوردستان هەن:

**١-٢-١- عەلی ئیلاهی**

ئەوانە کۆمەڵەیەکی ئیتنۆ ئایینین. ئەوانە بەشێکی گەورەی کوردی شیعەن. ئەمانە زۆربەی زۆری لە بەشە جیاوازەکانی کوردستانی گەورە دەژین، بەڵام چونکە کەمینەن لە چاو کوردی سوننی مەزهەب، کۆمەڵگایەکی داخراون. ڕەشاد میران لە ل١٩١ی دکتۆراکەی دەنووسێت:

"ناوی ڕاستەقینەیان ئەهلی هەقە، ئەم ناوەیان لا پیرۆزە، بەڵام بەشێکیان لە کوردستانی عێراق، کاکەییان پێ دەڵێن، لە لایەن پسپۆر و لێکۆڵەرانیشەوە زێتر بە ناوی عەلی ئیلاهی ناسراون".

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەهلی هەق بە ناوی تر ناسراون ئەویش یارسانە، هەر دکتۆر رەشاد میران لە ل١٩٥دا دەنووسێت: ئەو ڕایەی کە خەڵکی هەورەمان سوڵتان دەکەن بە سان و لای ئەوان(سوڵتان ئیساق) دەبێتە (سان ئیساق) ئەم ڕایە لە سەر ئەو ناولێنانە زێتر ڕێی تێدەچێ. کەواتە وشەی (یارسان) بە واتای یارانی سوڵتان بێت، (سان) وشەیەکی کوردیی کۆنە، بە مانای گەورە یان نەمر دێت، ئەمەش دەبێتە هاوواتای (سینۆنیمی) سوڵتان.

گەر کاکەیی بەشێک لە شیعەی باشوور بن، یارسانیش بەشێک لە شیعەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن، ئەوا قزلباش بەشێک لە شیعەی باکوور پێک دێنن.

قزلباش یا عەلەوی کۆمەڵەیەکی ئیتنۆ ئایینین لە دەڤەری دەرسیمی باکووری کوردستان دەژین. دکتۆر رەشاد میران لە ل ٢٦٠-٢٦١ی دکتۆرانامەکەی، چاپی سێهەم، دەڵێت: ئەوانە گەر وردە جیاوازیەکیان لەگەڵ ڕنوسەیری و  قزلباش و عەلەوی و ئەهلی هەق و کاکەیی و عەلی ئیلاهی یان خۆیان وتەنی عەلی قولی هەبێت، لە یەک شت تێکدەکەنەوە سەنترالیزمی عەلییە، ... عەلی ئیلاهی ناوێکی گشتییە بۆ هەموو ئەو کۆمەڵە و گروپانەی ئیمامی عەلی دەپەرستن. "ئەوانە هەموو کورد نین، بەڵام عەلەوییەکانی دەرسیم کوردن. ئەو مەزهەب جودایە بۆتە هۆی هەڵوێست جودایی. عەلەوییەکانی دەرسیم کە لای کوردەکان ناسراون بە عەلەوییەکان، لە هەردوو شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥ و ئاگری داغ ١٩٢٧-١٩٣٠ کوردە سوننیەکان بەشدارنەبوون، بە هەمان شێوە

پاشماوەی کوردە سوننیەکان لە شۆڕشی دەرسیم ١٩٣٧-١٩٣٨ بەشدار نەبوون، بەڵام تورک جیاوازی لە نێوانیان نەکرد چۆن شێخ سەعیدی پیرانی سوننی ئیعدام کرد ئەوهاش سەید ڕەزای دەرسیمی عەلەوی ئیعدام کرد.

جگە لە ئەهلی هەق لە باشووری کوردستان دوو جۆری تر لە شیعەی کوردی هەن، ئەوانیش بریتیین لە کوردی شەبەک و کوردی فەیلی.

**١-٢-٢- شەبەک شیعەی کوردی**

هەرچەندە نزیکەی نیوەی شەبەک کوردی سوننەن، بەڵام وەک دکتۆر ڕەشاد میران، ل٢٩١، دەنووسێت: "وێنای شیعیبوونی شەبەک بە گشتی زاڵە".

شەبەک وەک ئەهلی هەق گروپێکی نامۆن لە کۆمەڵگای کوردەواری، هەر ئەمە وایکردووە یان لە دەرەوەی کوردستان بژین وەک موصڵ و بەغدا، یان لە گوندی پەڕگەی کوردەواری وەک ئەو گوندانەی لەگەڵ مەسیحیەکان و هێندێ ئیزیدی دەژین: بەعشیقە، تەلکێف، بەرتلە، نەمرود، قەرەقوش، (سوداد، ٢٠١٨، ل٦٢).

**١-٢-٣- فەیلی شیعەی بێ ناسنامە: لە عێراق فەیلی و لە ئیران لوڕ.**

ئەوانەی لە عێراق و باشووری کوردستان پێیان دەڵێن (فەیلی)، کوردانێکن جگە لە شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان وەک خانەقین، مەندەلی، زرباتیە، جەلەولا و سەعدیە و ... هتد لە واسیت و کوت و بەغدا و بەیرە هەروەها لە کەنداو دەژین. ئەوانە زۆربەی شیعەی ئیسنا عەشەرین، کەمێکیش سوننە یا کریسچیانن (ئەحمەد ئەلنەفیس).

ئەو کـوردانەی وەک فەیلییەکـان شـیعەن لە ئێـران ناسـراون بە لـوڕ، ئەوانە لە لوڕسـتان و کرماشـان، ئـیلام، هەمەدان و بەختیـاری دەژیـن. تاڵەبـانی لە ل٣٢ی کتێبـی کوردسـتان و بـزوتنەوەی نەتەوەیـی کـورد بـاوەڕی وایە "هۆنراوەکـانی بابەتـاهیری هەمەدانـی بە شـێوەزاری گـۆران بووە، نەوشێروان مستەفاش هەمان ڕای هەبووە.

ئەگـەر لـە نێـو فـەیلی باشـوور سـوننە و کریسـچیان هـەبن، ئـەوا لـە ڕۆژهـەڵات شـیعەن یـا بـە شـیعە کـراون، حەمـە خورشـید سـێ هۆکـار دەهێنێتەوە لە سەر کاڵبوونی ناسنامەی کوردی لوڕی لە ڕۆژهەڵات:

١. لاپەڕگەیی و گۆشەگیریی جیوگرافی لۆرستان،

٢. شیعەبوونی خەڵک و زاڵبوونی شیعەگەریی لە نێویان،

٣. خەمسـاردیی بزووتنـەوە نەتەوەیـەکانی کـورد..." (حەمە خورشـید، ٢٠١٨، ل٣٢-٣٣).

دکتۆر عـەزیز چەند هۆکاری دی زیاد دەکات لەوانـە "شـیعە بـوونی لوڕ و هەست لاوازیـان هـەروەها هـیچ ڕاپـەڕینێکی چەکداریان دژی ئێران نەکردووە و ...هتد" (عزیز، ٢٠٠٥، ل٦٥-٦٦).

ئەمانە هۆکاری سەرەکی بوونە بۆ دروستکردنی کەلێنێکی گـەورە لـە نێوان ئینتمای نەتەوەیی و ئینتمای شیعە بوون.

**١-٢-٤- لەک**

بنـزاری لـەک وەک بنـزاری لـوڕی شـێوەیەکە لـە کرمـانجی باشـوور. "لەک لە دوو بەشی کوردستان هـەن، ئەوانـەی بەشـی ڕۆژهـەڵات لـە چەنـد شوێنێکی فارس نشین وەک باشووری هەمـەدان، خوراسـان، ئازەربایجـان،

کەنارەکانی دەریای قەزوێن...هتد. ئەوانە تەنیا لە نێو خۆیان بە لەکی دەدوێن ئەگەرنا بە فارسی دەدوێن و شیعەن"(خورشید، ٢٠١٨، ل٥١-٥٢).

قمندار ٢٠١٤ لەک و لوڕ بە بەشێک لە کرمانجی باشوور دادەنێت هەروەها دەڵێت: لەک و لوڕ هاوتخوبن. " ئەوەی لەک و لوڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکەوە گرێدەدات شیعەبوونە. دکتۆر عزیز قسە لە سەر ئەو گومانانە دەکات کە لەک و لوڕ ناسنامەیان لە دەست داوە "لەوانە:

- نزیکیی و لە یەکچوونی لوڕی و فارسی بە هۆی شیعەبوونەوە،

- گەڕۆکە ئەوروپییەکان بەهۆی نەزانی زمانەکە لوڕیان بە فارس زانیوە،

- خودی لوڕەکان خۆیان بە بەشێ لە فارس زانیوە،

- ناوچەیان زۆر نزیک بووە لە ناوچەی فارسەوە"(عزیز، ٢٠٠٥، ل٦٦-٦٨).

لوڕ بە ناوی فەیلی لە خانەقین و مەندەلی و ناوچەی عەرەبی شیعە هەن، بۆیە زۆربەی شیعە مەزهەبن، بەڵام لە بریتی فەیلی، لەک لە هەولێر هەن. لەک لە هەولێر بە تایبەتی دەشتی هەولێر بە دوو شێوە هەن:

خورشید لە سەرەتای هەشتاکان لە لاپەڕە ٥٧دا دەنووسێت: هەندێک لە گوندەکانی دەشتی هەولێر وەک حەسارۆک، حوشترالوک، دوشیوان، ئاودەلوک، جەدیدەلەک، قەشقە، خوڕخوڕە، ئەزیانە، گوگجەلی، منارە، بەردەسپی، دەرماناو".

سـوداد رەسـول، وەرگێـڕی کتێبـی خورشـید لـە پـەراوێزی هـەمان لاپەڕەدا دەنووسێت: "ئەمڕۆ نەوەی نوێی ئەو لەکیانە بە بنزاری سۆرانی دەدوێن".

شاکر مەجیدی لەک دەڵێت: لەکەکانی دەشتی هەولێر چ ئەوانەی ڕێی مـەخموور وەک گونـدی ئەصـحابە لـەک، یـەدی قزلـەر، حـەفت کچەکـە چ ئەوانەی بەرانەتی وەک گوندی سەیدیان، بەحرکە هەموو بوونە سوننە.

سـەیرکە جوگرافیـا بۆتـە مەزهـەب گـۆڕین لـە شـیعەوە بـۆ سـوننە هەروەها بنزاری لەکی بۆ بنزاری سۆرانی، کاتی خۆشـی خـاوەن مەزهـەب و بنزاری خۆیان بوون، بەڵام بە هـۆی فـارس و ناوچـەی فارسـەوە بوونـە شیعە و فارس.

## ٢- تاک زمانی شیعەی کورد

یەکێک لە ئەدگارەکانی دیالێکتی (گۆران) پاراستنی سیمای دینداریە، بە تـایبەتی ئـایینی ئەهلـی هەق یـان ناسـراو بە یارسـان. بـۆرەکەیی و نەوشێروان باوەڕیان وایە کە دەقی شیعری یارسان پێش دەقی شیعری مەسیحی یان ئیسلام پەیدابووە، بەڵام ناتوانرێ لە ڕووی زمانەوانیەوە ئەوە تەواو پشتڕاست بکرێتەوە.

خـاڵی لە یەک نزیکی شیعەی کوردی، جگە لە باوەڕەکەی، کە مەزهەبی شـیعەی کوردانـدووە، زۆر پەسـنی کـاراکتەرە کوردەکـانی دەکات، زمانەکەیەتی گۆڕان، ماچۆ، زازا.

به حوکمی ئەوەی ئەهلی هەق کۆمەڵێکی داخراون لە لایەک و لە چەند جوگرافیایەکی نامۆ بە خۆیان دەژین، ئەمەش بەم شێوەیە دابەش بوونە:

### ٢-١- زمانی کاکەییەکان

زمانی کاکەییەکان دیالێکتی گۆران، شێوەی (ماچۆ) لە سەردەمی حوکمڕانی عەرەبی سوننە لە عیراق ١٩٢١-٢٠٠٣ ڕێی پێ نەدراوە لە پەروەردە بخوێنرێت، بۆیە هەر لە چوارچێوەی سروودە ئایینیەکان ماوەتەوە. لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ هەرچەندە لە پەروەردەی کوردی، دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، زاڵ بووە، دیالێکتی گۆران، شێوەی ماچۆ نەیتوانیوە بەرانبەر دیالێکتی ناوەڕاست خۆی بگرێت یا وەک بادینی، دیالێکتی گۆران نەکراوەتە زمانی مەکتەب، بۆیە گەنجەکانی کاکەیی تەنیا لە ماڵ و کۆمەڵگای کاکەیی بە زمانی خۆیان دەدوێن، ئەگەرنا لە شارەکانی کوردستان تووشی کۆد سویچینگ، دیالێکت گۆڕین دەبن ناچارن بە سۆرانی قسە بکەن.

### ٢-٢- زمانی یارسان

دیالێکتی گۆران و شێوەی ماچۆ زمانی ئایین و زۆر دەقی شیعری گرووپی یارسانە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەت بە کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو نەدراوە، جا چۆن دەرفەت بە ماچۆ دەدەن.

### ۲-۳- زمانی عەلەوییەکان

سەبارەت بە قزلباش، عەلەوییەکانی دەرسیم، ئەوانیش وەک گروپی یارسانەکان زمانیان لە پەروەردەی تورکی ناخوێندرێت. ڕاستە کرمانجی سەرووش لە پەروەردەی تورکی ناخوێندرێت، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کوردی سوننە زۆرن لە باکووری کوردستان، عەلەویەکانیش شیعەن، کەمینەیەکی مەزهەبین، ئەمە وایکردووە کوردی شیعە لە دەرسیم دوو جار چەوساوە بێت، واتە هەم بە دەست دەوڵەتەوە هەم بە دەست کوردی سوننەوە.

دکتۆر رەشاد میران لە ل۱۹۳ لە مینۆرسکی دەگوازێتەوە کە کوردەکانی هەورامان بە شیعە و سوننەوە بە گۆرانی دەپەیڤن، خێڵی زازاش، کە لە ناوچەی دەرسیمی نێوان موش و ئەرزەنجاندا دەژین، هەر بەم دیالێکتە دەدوێ".

خاڵێکی تر کە کوردی شیعە تێیدا هاوچارەنووس کردووە، نەبوونی سەرژمێرێکی دروستە، چونکە لە زۆربەی بەشەکان هەر لەژێر دەستی داگیرکار دابوونە، بۆیە ناو و مەزهەب و زمانەکەی ڕێگری لێکراوە. لە ئەنجامدا ژمارەیەکی دروستی کاکەیی و یارسان و عەلەویی نییە.

کەواتە زمانی شیعەی کورد: ئەهلی هەق، کاکەیی، یارسان، فەیلی (لوڕ)، عەلەویی (قزلباش)، هەمووی بە دیالێکتی گۆران و شێوەکانی ماچۆ و زازا بووە. جگە لەمانە شێوەزاری لەک لای کورد بنزارێکی کوردی شیعەیە، لای زۆربەی لەکیەکان زمانێکی سەربەخۆییە و خاوەن ئەدەبی خۆیەتی وەک (ئەدەبی دارکوللی)، تەنیا ئەوانەی باشووری کوردستان نەبێت.

## بەشی دووەم

### ١- دیالێکتی مەزهەبی زازا و ناسنامە

پێش دەرکەوتنی مەزهەبگەرایی لە زماندا، چەند فاکتەری دی هەبوون بۆ جیاکردنەوەی زارێک لە زارێکی تر، زار و بنزارە شیعییەکانی کوردیش هەڵگری بەشێک لەو دیاردانەن بەتایبەتی پەرگیری جوگرافی و نزیککەوتنەوە لە شیعەی نەتەوەی تر و دوورکەوتنەوە لە سوننەی کورد. ئەو نزیکبوونەوە لە سایەی مەزهەبگەرایی دیاردەی کۆد سویچینک لە نێوان کوردی عەرەبی، کوردی فارسی، کوردی تورکی دروست کردووە.

### ٢- دیالێکتی زازایی

پرسی نان و ئاویش کۆلۆنیالیزمی نێودەوڵەتی و لۆکاڵی لە پشتەوەیە. چەند ئایین و چەند مەزهەبیی کورد، پرسی ناسنامەی زمانی ئاڵۆزتر کردووە. یەکێک لە ئاکامەکانی شەڕی چاڵدێران ١٥١٤-١٥١٦ دابەشبوونی زمانی کوردی لێکەوتەوە بە جۆرێک کوردی بەسەر دوو ئیمپڕاتۆریەتیی شیعی و سوونی دابەشکرد. مینۆرسکی ١٩٨٤، ل١٠٧ی چاپی کوردی کتێبی"کورد" دەنووسێت: "بەشی زۆری کوردەکان، لە ڕووی بیروباوەڕی ئایینییەوە موسڵمانی سوونین. ئەم مەسەلەیەش، لە ڕووی بەرانبەربوونەوەی فارس و تورکەکانەوە لە کوردستاندا، بە چاکەی توورکەکان تەواو بوو. "دیالێکتی زازایی یەکێک لە قوربانیەکانی جوگرافیا و مەزهەبگەراییە لە کوردستان (کە لەمەودوا وەک دیالێکتی شیعی لە جوگرافیای سونی فۆکسی لەسەر دەکەین).

بۆ پرسی پۆلێنکردنی دیالێکتەکان دەبێ دوو فاکتەر لەبەر چاو بگرین: فاکتەری زمانەوانی نێوان بنزارەکان، فاکتەری جوگرافیای دیالێکتەکە. لە سەر ئەم بنیاتە شوناسی سەیر بەو شێوە زمانانە

بەخشـراوە، دیـاڵێکتی زازا لای کەسـانی وەک دکتـۆر کـەمال فوئـاد ١٩٧١، ل٢٤، زەبیحـی ١٣٦٧، ل٥٥، دیـالێکتێکی سـەربەخۆیە، هـەرچی خورشـیدە ٢٠١٨، ل٦٢، دیـاڵێکتی زازا بـە بنـزار دادەنێت. لـە لایـەکی تـر دیاردەیـەکی سـەیر لـە دیـاڵێکتی زازایـی هەیـە: لـە ڕووی جوگرافیـاوە لـە بـاکووری کوردستان، سەر بە دیالێکتێکە لە باشوور و ڕۆژهەلات. هەڵبەتە، "هەردوو دیـاڵێکتی گـۆران و زازا، هەرچەنـد لـە ڕووی جوگرافیـاوە لـە یەکدییـەوە دوور، بـەڵام لـە ڕووی سـەرەتاکانی زمانییـەوە لـە یەکدییـەوە نـزیکن" (عەزیز، ٢٠٠٥، ل٥٤).

شێوەی هەورامی و زازایی لە دوو جوگرافیا بن یان یـەک دیالێکت و ئەویتر بنزار بێ، پرسی ئەم توێژینەوەیە نییە.

لە شێوەی گۆران دیاردەی سەیر هـەن، لەوانـە دیـن جیـایی، مەزهـەب جیایی، جیوگرافیا جیایی. ئەم توێژینەوەیـە پێشـبینی ئـەوە دەکـات، کـە لـەم دوو جیاییە، شوناس پەرت دەبێ.

دیاردەی دین جیایی، دیاردەی مەزهەب جیایی، جوگرافیا جیایی.

شێوەی هەورامی چوار بنزاری لـە خـۆ گرتـووە، لـەو چـوار بنزارەش ئاخێوی یارسان و سوونە و شیعە هەیە. لە نەزەر توێژەرەکانی یارسـان، گەر ئەدەبی نووسراو بە گۆران وەک یەکەیەک وەربگرین، نەک هـەر تـەنیا مێـژووی شـیعر و پەخشـانی کـوردی گۆڕانکـاری بـە سـەر دادێت، بـەڵکو خودی نووسین بە کوردیش گۆڕانکاری بە سەر دادێت. (ئـەیوب ڕۆسـتەم، ٢٠١٨، ل١٥٧–٢١٠) ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە شـێوەی گـۆران بـۆتـە زمـانی تێکستەکانی یارسان هەتا تێکستەکانی دەرەوەی یارسان وەک زەردەشتی، ئیسـلامی". (خورشـید، ٢٠١٨، ل٦٦) بـە بـێ بەڵگـە قسـەی سـۆن و درایڤـەر دەهێنێتـەوە گوایـە شـێوەی گـۆران زینـدوو نییـە، بـەڵام (سـوداد ڕەسـووڵ،

٢٠١٨، ل٦٦-٦٧) چەندان نموونە دەهێنێتەوە کە ئەو شێوەیە زمانی ئەدەبی یارسان و موسڵمانەکان بووە تا کەوتنی میرنشینی ئەردەلان لە ١٨٦٧ دیاربوونی شیعری مەولەوی، مەلا پەرێشان، بێسارانی، خانای قوبادی ...هتد بزربوونی ئەدەبی یارسان دەگەڕێتەوە بۆ کۆنتێکستی جوگرافی و ئایینی هەرێمەکە. (نەوشێروان، ل٢٣٠) بزربوونی ئەدەبی یارسانی، کە لە نەزەر ئەو کۆنترین تێکستی کوردییە، دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو هۆکار کە هەردوو ئایینین:

هۆکاری یەکەم: تێکستەکانی یارسان نهێنی و زارەکی بوونە،

هۆکاری دووەم: مزگەوت کە ناوەندی هەڵگری مەعریفە بوو بەدەر بوو لە پاراستنی ئەدەبی یارسانی، وەک دەڵێت: ئەگەر سرودەکانی یارسان نهێنی بووبن و زارەکی بووبن و هیچ کتێبێکی ئەوان لە مزگەوت و دیوەخان و کتێبخانەکاندا دەسنەکەوت بێ ....

ئەو دوو جیاوازییە تەواو لە دیالێکتی زازایی ڕەنگیداوەتەوە. سەرەتا با لە دیالێکتی زازایی و جوگرافیای زازایی بدوێین. "زازایی یا دیملی بە یەکێک لە بنزارەکانی دیالێکتی گۆران دادەنرێت. ناوچەکەیان دەکەوێتە باکووری کوردستان یانی تەواو دوورە لە ئاخێوەرانی گۆران، ناوچەکەیان لە باکوور دەکەوێتە نێوان ئەرزەرۆم و مووش و خەرپوت و ئەرزنجادایە یا بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە نێوان زێی موراد سو و فورات سو تا دەرسیم"(خورشید، ٢٠١٨، ل٦٥).

## ٣- زازا و مەزهەبی عەلەوی

زازایی تەنیا لە باکووری کوردستان دەژین، ئەوەی لە بەشەکانی دی کوردی باکوور جیایان دەکاتەوە مەزهەبی عەلەوییە. هۆشەنگ ٢٠١١ بانگەشەی ئەوە دەکات، کە "عەلەویەت نە دینە نە مەزهەبێکی دینی بەڵکو

ڕوئیایەکی یەکانگیرە بۆ خواوەند و مرۆڤ و بوونەوەر لە چوارچێوەی لێبوردەیی"...

ئەم پێناسەیە تەنها کەسانێکی وەک هۆشەنگ دەتوانن باوەڕی پێبێنن، ئەگەرنا عەلەویەت هەر گروپی عەلی ئیلاهی بە بۆیەی یارسانی. عەلەویەت وەک ئیزیدیەت نییە تەنیا کورد بگرێتەوە بەڵکو لە خودی تورکیاش تورکیش هەن لە سوریاش عەرەب.

## ٣-١- دابەشبوونی جیوگرافی عەلەویەکان لە تورکیا و باکووری کوردستان

عەلەویەکان هەر زازا کوردەکانی باکوور ناگرێتەوە. عەلەوی لە تورکیا نزیکەی بیست ملیۆن دەبن تەنها ٤-٦ ملیۆن کوردی زازان.




**دابەشبوونی عەلەویەکان بە بۆیەی شین**

هۆشەنگ باوەڕی وایە تورکی عەلەوی لە ئەستەنبۆل و ئەنقەرە و ئەزمیر و میرسین و ئەسکەندەرییە بە پەرش و بڵاوی هەن هەروەها شاری کرشهیر مەڵبەندی کۆبوونەوەی عەلەویە تورکەکانە. کوردی عەلەوی لە شاری کوردی و نا کوردی هەن، بەندەر ٢٠٠٤، داقوقی ٢٠٠٦،

هـەروەها  هۆشـەنگ ٢٠١١، خورشـید ٢٠١٨، زێدی جیـوگرافی زازایـەکان ئـەوها دابـەش دەکـەن: "دەرسـیم، ئـەرزنجان، ئـەرزەرۆم، مـوش، بینگـۆل، ئەلعەزیز، مەلاتیا، سیواس، مرعش... کوردی زازایی لە دەرەوەی باکووری کوردستانیش هەن وەک کوردەکانی قۆنیە و سارز".

ئارکەلۆڤا٢٠٠٠، ل٣ هەر باسی عەلەوی کوردی باکوور ناکات، بەڵکو باسی عەلەوی دایەسپۆرای رۆژئاواش دەکات، وەک دەنووسێت:

"The Zazas live mainly in Dersim (present-day Tunceli), between Erzincan in the north and the Murad-su river in the south, in the far west of historical Upper Armenia, as well as in Bingol, Mush, the province of Diyarbekir, Siverek, Sivas etc. Rather a big Zaza diaspora - about half a million people - live in Europe, mainly in Germany".

"زازایەکـان بەشـێوەیەکی سـەرەکی لە دێرسـیم دەژیـن، ئەم شـوێنە ئەمرۆ پێیدەگوترێت تونجەلی کە دەکەوێتە نێوان ئەرزەرۆم لە بـاکوور وە رووباری موراد سـو لە باشـوور هەروەهـا لە رۆژئـاوای ئەرمینیا سـەروو هەروەهـا لە بنگـۆل و مـووش و هەرێمـی ئـامەد و سـیواس....هتد بەشـێکی زۆری لە هەنـدەران دەژیـن  کە ژمارەیـان نیـو ملیـۆن دەبـی، بە تـایبەتی ئەلمانیا".

## کوردەکانی زازا سێ جۆرن

١. بەشـێکی کـەم بـە تایبـەتی کوردەکـانی ئـەرزەرۆم و ئـەرزنجان موریـدی بەکتاشـین ناسـراون بە سـەر سـوور یا کـلاو سـوور یا مەنـدیل سـوور .

٢. بەشێکی کەم کوردی سوننەن وەک بەشێک لە کوردی ئامەد و پیران

٣. زۆربەی عەلەوین وەک کوردەکانی دەرسیم و موش و مرعش و ...هتد

**٤- پەرشبوونی ناسنامە**

جگە لە بیانیەکان، تویژەر لە نێو کوردی زازا هەن، زازا بە کوردی نازانن، بۆ نموونە:

فاروق ئیمرەت ١٩٩٦ لە وتاری (Our language Zaza) چەندەها پاساوی زمانەوانی دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی بسەلمێنێت، کە "زازا سەربەخۆیە و بەشێک نییە لە زمانی کوردی".

لە لایەک ٢٤٨ وشەی گشتی و چەندان وشە لە بارەی وەرز و جەستە و خێزان- ماڵبات و کات و ئاژەڵ لە شێوەی زازا هەن، کە لەگەڵ کوردی جیاوازن، هەروەها دەڵێت: "لە بارەی جیاوازی زازا لە کوردی، لە ل٤٧٨٠ کتێبی "Encyclopaedia of languages and linguistics"، هاتووە:

"The languages spoken in Turkey are Turkish, Kurdish (Kurmanchi), ZAZA, Cherkess, Ayhbas, Laz, Georgian, Arabic, Armenian e.t.c".

"ئەو زمانانەی لە تورکیا قسەیان پێدەکرێت بریتین لە تورکی و کوردی - کورمانجی و زازایی و چەرکەسی، ئایباس، لاز، جۆرجی، عەرەبی و ئەرمەنی و ...هتد".

٢. (لویگ پۆل، ١٩٩٨، ل٣)، باوەڕی وایە "زازاکی زمانێکی باکووری ڕۆژئاوایە، نزیکەی دوو ملیۆن لە ناوچە کوردییەکانی ئەنادۆل قسەی پێدەکرێت، هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم زمانەوانان باوەڕیان وابوو زازاکی زمانێکی سەربەخۆییە نەک دیالێکتێکی کوردی. لە نێو زازایەکان کێشەی ئایینی و سیاسی هەیە، دڵنیا نین ئەم پرۆسە خیلافیە سەردەکێشێ بۆ دروست کردنی نەتەوەیەک بە ناوی نەتەوەی زازا لە کۆتاییدا".

٣. (تۆد، ٢٠٠٨، ل١١)، باوەڕی وایە کە "دیمیلی ناسراو بە زازا ڕێزمانی خۆی هەیە تەواو جیاوازە لە دیالێکتەکانی کوردی لەمەشدا پشت ئەستوورە بە ڕای مەکەنزی.

٤. (ئارکەلۆڤا، ٢٠٠٠، ل٣)، باوەڕی وایە "زاراوەی دیمیلی لە دەلمیک هاتووە کە بە واتای ئیرانی ناوەڕاست دێ، ئەو خەڵکە دانیشتووی دەیلام – ئیلام-ن".

لەمە زیاتر هەر (ڤیکتۆریا ئارکەلۆڤا، ٢٠٠٠، ل٣) باوەڕی وایە "تێکەڵبوونی ئەرمەن و زازایی هۆکارن لە سەر شێواندنی ناسنامە بە جۆرێک هەژموونی زمانی ئەرمەنی لە سەر زمانی عەلەوییەکان هێندە زۆر بوو گەلانی دەوروبەر ناویان لێناون زازا بە واتای سیستەمی فۆنەتیکی ئەرمەنی وەیکردووە وەک زمانگرتوو دەرکەون، لە لایەکی تر لە پاش کوشتاری ئەرمەنی بەشێک لەو ئەرمانانەی مابوون خۆیان کردە عەلەوی، ئارکۆڤا دەڵێت:

"the dwellers of Dersim profess a reli- gion which differs both from Christianity and Islam. Their beliefs are based on the mix- ture of Christian and Manichean doctrines with an outward veneer of Islam".

"زازایەکان هەر زمانیان لەگەڵ کورد جیاواز نییە، بەڵکو زازایەکانی دەرسیم دان بە دینێک دەنێن کە جیاوازە لە ئیسلام و کریسچیانیتی، باوەڕیان بریتییە لە تێکەڵەیەک لە کریسچیانیتی و مانیەت و قاڵکی ئیسلام .

**ئەنجامەکان:**

پێشتر هەر قسە لە سەر فاکتەری جیوگرافیا و سیاسی کراوە، ئەم توێژینەوەیە ئیسپاتی ئەوە دەکات کە هەردوو فاکتەری ئایین جیایی و مەزهەب جیایی لەگەڵ زۆربەی کورد کاریگەریی هەیە لە سەر پەرتبوونی ناسنامەی کوردی. هەرچەندە کێشەی زۆر هەیە لە نێوان کرمانجی سەروو و ناوەڕاست، بەڵام هەردووک خۆیان بە کورد دەزانن، کەچی لە نێوان ئایین جیاوازەکان و مەزهەب شیعە لێرە و لەوێ دەنگ هەیە کە بانگەشەی ناسنامە جیایی دەکەن. لە نێو ئاخێوی لەک و لوڕ و زازا زیاتر دیاردەی سەربەخۆبوون لە کورد هەیە، جیاوازیەکان لە نەزەر هەندێ توێژەری ڕۆژئاوا هەر سیاسی و مەزهەبی نیین، بەڵکو ئەدگاری زمانەوانیش پشتگیری جیابوونەوە لە کورد دەکات.

**پەڕاوێزەکان:**

بیرۆکەی یارسان لای هەندێ توێژەری یارسان لەوانە تەیب تاهیری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەیوب کوێخا ڕۆستەم لە باشوور ئەوەندە بۆ دینە کوردییەکان شۆڕبۆتەوە بە جۆرێک نەک هەر تەنیا شەبەک بەڵکو ئێزیدیش بە بەشێک لە یارسان دەزانن. ئەو گروپە داخراوانە خودی خۆیان نایانەوێ لە نزیک کوردی سوننی بژین، بەڵکو دەیانەوێ دوور بن لە کوردی سوننە نزیک بن لە کوردی شیعە، یان هەتا تورک و فارسی و عەرەبی شیعە، ئەمەش وەیکردووە شوناسی شیعەبوون بەرزتر و لە پێشتربێت لە کوردیبوون.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە کوردی


- خورشید، فوئاد، ٢٠١٨، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی. وەرگێر سوداد رەسووڵ، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- ڕەحیمی، فاتح، ١٣٨٥، دستور زبان کردی. سنه.
- ڕۆستەم، ئەیوب کوێخا، ٢٠١٨، گۆران-وەک زمانێکی ئەدەبی. سلێمانی: چاپخانەی تەژنە.
- عەزیز، حوسێن، ٢٠٠٥، سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردیی. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.
- مائی، ئەنوەر، ١٩٩٩، مژدەها ڕۆژ. دهۆک: خانی.
- مستەفا، نەوشێروان، ٢٠١٢، بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین. کتێبی یەکەم، بەیروت.
- مینۆرسکی، فلادمیر، ١٩٨٤، کورد، و.حەمە سەعید حەمە کریم. چاپخانەی زانکۆ: هەولێر.
- ناوخۆش، سەلام، ٢٠٠٧، ئایین و زمانناسی کوردی. چاپی سێهەم، هەولێر: چاپخانەی هیڤی.


### سەرچاوەکان بە ئینگلیزی


- Arakeuva, Victoria, 2000, THE ZAZA PEOPLE AS A NEW ETHNO-POLITCAL FACTOR IN THE REGION.

- Holes, Clive, 2011, Language and Identity, in the Arabian Gulf.
- Paul, Ludwig, 1998, The position of Zazaki among West Iranian languages.
- Todd, Terry, 2008, A Grammar of Dimili, Germany.

**سەرچاوەکان بە عەرەبی**

- اوسی، هوشنك، ٢٠١١، الكرد العلويون في تركيا: اجتماعيّاً وسياسيّاً.
- بندر، جمشيد، ٢٠٠٤، العلويّة في حضارة كردستان، الطبعة الثانية. اسطنبول..
- قمندار، اسماعيل، ٢٠١٤، دراسة اللهجات الكردية الجنوبية. بغداد: مكتبة عدنان للطباعة و النشر.

**گۆڤارەکان**

- گۆڤاری زاری کرمانجی، ساڵ ١٩٣٠، ژمارە ١٩.
- گۆڤاری لالش، ساڵ ١٩٩٧، ژمارە ٨ .
- گۆڤاری لالش، ساڵ ٢٠١٠، ژمارە ٣١.
- گۆڤاری مەتین، ساڵ ١٩٩٩، ژمارە ؟
- گۆڤاری هیوا، ١٩٨٣، ژمارە ١، نووسینەکەی کەمال فوئاد لە بارەی چەند سەرەتایەکی زمانەوانی.

- الـداقوقى، ابـراهيم، ٢٠٠٦، تـأريخ العلـويين فـیٰ بـلاد الاناضـول، مجلـة النور، السنة الخامسة عشر، العدد ١٦٣.

**Abstract**

In the past they regarded that the political and geographical factors are the only factors affected the Kurdish identity . This study believes that beside the above factors , there are two other factors, therefore the objective of this study is to analyse the question of Kurdish religions and shiaa doctrine.

Both play the significant role in abolishing the Kurdish nation building. The danger is that there are certain researchers and politicians claim the independence of Kurdish people and language : this venture leads to dissent. Of course religion and doctrine cannot be changed in remote future , but spreading diversity among the individuals of one nation and approaching non-content guys may be a factor of gathering and stop splitting more and more of scattering Kurdish identity. Finally ( it is ) proposed and expected that one of the conclusions of this study is to stop this bleeding of this body.

**ملخص:**

في الماضي اعتبروا أن العوامل السياسية والجغرافية هي العوامل الوحيدة التي أثرت على الهوية الكردية. تؤمن هذه الدراسة أنه إلى جانب العوامل المذكورة أعلاه، هناك عاملان آخران، لذلك فإن الهدف من هذه الدراسة هو تحليل مسألة الأديان الكردية ومذهب الشيعة الكردية.

يلعب كلاهما دورًا هامًا في إلغاء بناء الأمة الكردية. الخطر هو أن هناك بعض الباحثين والسياسيين في تلك المجتمعات يدعون استقلال من الشعب الكردي واللغة: هذا المشروع يؤدي إلى الانشقاق. بالطبع لا يمكن تغيير الدين والمذهب في المستقبل البعيد، ولكن انتشار التنوع بين أفراد أمة واحدة والتعامل مع أشخاص غير متضامنين قد يكون أحد عوامل التجمع والتوقف عن تقسيم المزيد والمزيد من الهوية الكردية المتناثرة. وأخيراً (يقترح) ويتوقع أن يكون أحد استنتاجات هذه الدراسة هو وقف نزيف هذا الجسم.